# نامەیەکی سەردەمی ئەکەد

## (لەبارەی گوتییەکانەوە) *

***وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە***




نامەی پیاوێك بەناوی ئیشکون داگان (Iškun-Dagan) لەلایەن (تورۆ-دانجان)ەوە لە (Revue A'ssyriologie) ژمارە (٢٣) لاپەڕە (٢٣) بەدواوە بڵاوکرابووەوە. ماوەیەکی کەمیشە نامەیەکی دیکەی ئەم کابرایە پێشکەش بەلێپرسراوانی مۆزخانەی بەریتانی کراوە ئەویش لەلایەن دکتۆر (ن. ل. کۆڕکیڵ) کەپێشتر نەشتەرگەری مەدەنی بوو لە (بەغدا)دا و ڕێگەی پێدام لە بەغدادا لێی بکۆڵمەوەو نەقڵی بکەمو ئێستا ژمارە (١٢١٢٠٥)ی دراوەتێ.

لەوحەکە لە (ناصرییە)دا بەدەست کەوتووەو هەرچەندە قسەی ئەو جووتیارەی لەوحەکەی لابوو و وتبووی کەوا لە(سنکەرە)دا دۆزرابووەوە قسەیەکە بایەخی پێ نادرێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە لەشوێنێکی ناوچەی مونتەفك[1] بەدەست کەوتبێت.

زۆریش ڕێی تێدەچێت بەهۆی قاچاخەپشکنین بووبێت کە لە وەرکا (ئوروك)دا کرابوون. ڕەنگە ئەم لەوحە لەهەمان شوێنو کاتی دۆزینەوەی لەوحی یەکەم (کە ئێستا لەمۆزەخانەی لوڤەردایە) دۆزرابێتەوە، بەشێوەیەك دوو نامەکە لەئەرشیفی نێردەر دۆزرابوونەوە نەك لەئەرشیفی وەرگر، ئەمەش حاڵەتێکە جێی سەرنجەو ژمارەیەکی زۆری هاوشێوەی هەیە. نووسینەکە نەرمەو وردەکاریی زۆری تێدایەو قەبارەی گەورەیە. بەهۆی ڕووداوێکیش کاتێك لە لەوحەکەم دەکۆڵییەوە لە بەغدادا، پاش ئەوەی نوسخەی خۆمم نەقڵ کردو تەواوم کرد، لەوحەکە شکاو هەندێك لەهێماکانی دێڕی (٤-٢١) زیانیان پێ گەشت.

---

* گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٤٠، ٥/١٠/١٩٩٩، لاپەڕە ٢٥١-٢٥٢. ئەم بابەتە لەنووسینی (سیدنی سمیث)ەو ناوونیشانی ئەمەیە: ((چەند تێبینییەك لەبارەی سەردەمی گوتییەوە ))و چوار بەشە. بابەتەکەمان بەشی یەکەمەو ئەم ناوەی هەیە: ((نامەیەکی سەردەمی ئاگادێ))
**A Letter of the Agade Period**
ئەویش لەگۆڤاری:
**The Journal of the Royal Asiatic Society of Gr. Br. and Ireland.**
کە بە **JRAS** کورت دەکرێتەوە، نیسانی (١٩٣٢) ل ٢٩٥-٣٠١. لەم وەرگێڕانەشماندا چەند شتێکمان نەقڵ نەکرد وەك هێما گۆڕینەکە واتە گۆڕینی هێما مێخییەکان بۆ نووسینی لاتینی کە ئەمە تەنیا سوودی بۆ پسپۆڕان هەیە، هەروەها موناقەشەکانی دەقەکە کە زیاتر لە مەسەلە زمانەوانییەکان دەدوێنو دیسان سوودی بۆ پسپۆڕان هەیە دوو تێبینییان لێ دەرچێت کە ئەوەی خوارەوەن ئەویش بەکورتی.

[1] پارێزگایەکی ئەوسای عیراق لە باشووردا.

## وەرگێڕانی نامەكە

ئیشكون داگان وەها بۆ ....[١] (*قسە دەكات/ وەرگێڕ*) : زەوییەكە بكێڵەو وڵاخەكان بپارێزە. تائێستا گوتییەكە[٢] زەوییەكەی نەكێڵاوە. مەڵێ چۆن وا؟ تۆ بەهێزیت بۆیە لەوڵاتی ئەكەد نیشتەجێ بە (؟) و زەوییەكە بكێڵە. با بگەرێن (؟) بۆت بۆ عەمارەكان و گۆمەكان بۆ نزیكبوونەوەیەكو وڵاخەكان بۆ ناوەوەی شارەكە بەرە. سەبارەت بە (؟) ئەو وڵاخانەی گوتییەكان بەخێویان كردبوون (؟)، سەبارەت بەخۆم من هیچ ناڵێمو پارەكەت دەدەمێ، سوێند بەژیانی شاركالی شارری Šarkališarri[٣] دەخۆم ئەگەر تۆ بەڕاستیو بە ئارەزووی خۆت ئەو ئاژەڵانە تەسلیم بكەیت كە گوتییەكان بەخێویان كردبوو (؟) من پارەكە دەگوێزمەوە (؟ وشەی پیتاوپیت: هەڵدەگرم) و كاتێک (وڵاخەكان) دێنە لام پارەكەت دەدەمێ، بەڵام تۆ بۆت نییە وڵاخەكان لای خۆت بهێڵیتەوە. با ئەوەی زەوییەكەت بۆ دەكێڵێت لەشوێنە نیزامییەكانی خڕكردنەوەی دانەوێڵە جێنشین بێت (؟) (*وشەكە: خێوەت هەڵبدات/ وەرگێڕ*).تەعلیمات بەتۆ دران[٤].

ئەم نامەیە بایەخێكی مێژوویی هەیە ئەویش لەوەدایە وێنەیەك دەكێشێت بۆ ئەو پەشۆكاوییەی وڵاتی بابل[٥] كاتی حوكمی شاركالی شارری كە بەهۆی گوتییەكانەوە بوو. دیارە ئەم گەلە لە هەندێك شوێندا، ڕەنگە باشووری وڵاتی بابلو بۆ ماوەیەك دەسەڵاتدار بوون .گومانی تێدا نییە ئەمە ڕووداوێكە بەهۆی ((كۆمەڵانی گوتیوم))ەوە[٦] بوو، كە لە لیستەكانی بنەماڵەكانی پاشایاندا دەردەكەوێت، ئەمەش چونكە تۆمارێكی مێژوویی بڵاونەكراوە دەڵێت هەرەسی حوكمی نارام سین بەهۆی گوتییەكانەوە بوو.

ماوەیەكی زۆریشە زانراوە كە شاركالیشارری لەجەنگدا بوو دژی گوتییەكانو كە هەندێك كێشە لەباشووردا بوونە هۆی ئەوەی لەئوروكدا شەڕێك ڕوبدات.ئەم نامەیەی ئێستاش لەوە دەچێت بگەڕێتەوە بۆ كاتی یەكسەر پاش سەركەوتنی پادشای

---

[١] ناوی ئەو كەسەی نامەكەی بۆ نێردراوە بەم شێوەیەو بەدوو هێما هاتووە LUGAL.RA . سمیث دەڵێت ڕەنگە ئەمە ناوی مرۆڤ بێت (واتە نازناو نەبێت)و بەرپەرچی ئەوە دەكاتەوە دوو هێماكە بە شاررا šarra بخوێنرێنەوە - ئەمەش بۆیە دەوترێت، چونكە هێمای LUGAL كە واتای پادشا دەدات بەسومەری (لوگال) دەخوێنرێتەوەو بە ئەكەدی (شارروم) یان (شار) ، كۆتایی (شار) و سەرەتای هێمای (را) ش یەك دەنگن -(سمیث) بەئەگەری نازانێت (شاررا) خوێندنەوەی دروست بێت هەرچەندە نموونە لەسەر ئەمە هەیەو دەڵێت ڕەنگە (لوگال را) ئەفسەری سەرەكیی پادشا لەباشووردا بووبێت (واتە باشووری عیراق كەباشووری وڵاتی ئەكەدە) ل (٢٩٧).

[٢] گوتییەكە the Gutian واتە بەشێوەی تاك. لەدەقەكەشدا: GU-ti-um-ma. سمیث دەڵێت كە ئامرازی(ma)ی بەگشتكردن واتایەكی كۆ دەدات بەتاك. ل ٢٩٨ تێبینی ژمارە ٣.

[٣] یاخود شارگالی شارری Šargališarri وەك لەدەقەكەدا هاتووە. شاركالیشارری پادشای ئەكەدو كوڕی نارام سینە. ناوی پادشا هێمای خوداوەندی پێش خراوە چونكە ئەویش وەك باوكی خۆی كردبووە خوداوەند. شاركالیشارری واتە پادشای هەموو پادشاكان.

[٤] (هالۆ) لە باسەكەیدا لەبارەی گوتیەكانەوە ئاماژە بۆ كتێبێكی (لێسۆ) دەكات كە وەرگێڕانێكی باشتری نامەكەی تێدایە: RLA,3, 1957-1971, p.710 . كتێبەكەی (لێسۆ)ش ئەوەی خوارەوەیەو كاتی خۆی بۆ كتێبی (چیرۆكی شمشارە) وەك سەرچاوە بەكارم هێنابوو. ئێستاش لەبەردەستمدا نییە چونكە لە كتێبخانەی گشتیی سلێمانیدایە كە حاڵی حازر ئیشی بینای تێدا دەكرێت. بەڵام دواتر كتێبەكەم لە ئینتەرنێت بینی. وەرگێڕانەكەش بەم جۆرەیە (هەموو ڕوونكردنەوەكانی لێسۆم نەنووسییەوە):

(( دەبێت كێڵگەكان بكێڵیو خەریكی وڵاخەكان بی. مەڵێ: " بەڵێ بەڵام گوتی هەن لەبەر ئەو ناتوانم كێڵگەم بكێڵم". خەفەری دیدەوان هەر نیو میلێك دابنێ و دوایی كێڵگەكەت بكێڵە.ئەگەر تاقمی چەكدار پێشڕەوی بكەن (ئەو كاتە )ئامادەكاریی سەربازیت بۆ ڕێك دەخرێت و ئینجا دەبێت وڵاخەكان بەریتە ناو شارەكە...ئەگەر گوتی هەبن وڵاخیان بردبێت (ئەو كاتە) هیچ ناوترێت ، بەڵام (لەگەڵ ئەوەشدا؟) من (ئەوەی هەقی خۆتە؟) دەتدەمێ. سوێند بۆ ئەمە دەخۆم بە ژیانی شاركالی شارری ...)).

J.Læssøe, People of Ancient Assyria, transl. by;F. S. Leigh-Browne, 1963.

[٥] ناوی وڵاتی بابل Babylonia لەبەرهەمە مێژوویی و شوێنەوارییە كۆنەكاندا (لەسەردەمی یۆنانەكانەوە تاماوەیەك لەمەوبەر) بەواتای عیراقو بەتایبەتی ناوەڕاستو باشووری ئەویش پێش ناسینی ئەكەدییەكانو سومەرییەكانو ماوەیەكی زۆریش پاش ناسینیان، شاری باب ئیلیم (بە Babylon لەنووسینە یۆنانییەكان بەدواوە دەناسرا) لەسەردەمی نامەكەدا هەبووە، بەڵام ناودار نەبووە.

[٦] نووسەرەكە وشەی (horde) بەكاردەهێنێت كە واتای عەشیرەت دەدات و واتا تایبەتییەكە عەشیرەتە مەغۆلەكان و هاوچەشنەكانیان. واتە عەشیرەتی خێوەتدارو جەنگاوەرو بێنیزام... تاد. جگە لەواتای (كۆمەڵان). لیستی سومەریی پادشایان دەڵێت لەشكری گوتییەكان.

ئەكەد.ئەگەر ئەمە ڕاست بێت، وەزعەكە ئەوە دەردەخات كەوا لەئوروكدا پادشایەكی سەربەخۆ نەبووو كەوا زنجیرەی چوارەمی پادشایانی ئوروك[1] كە لە(لیستەكانی پادشایان)دا دەردەكەوێت دەبێت پاش فەرمانڕەوایەتیی شاركالیشارری بووبێت.

[1] سمیث لە بەشێكی تری باسەكەدا باس لەم بنەماڵەیەی (ئوروك) دەكات كە ئایا سەر بە شاركالی شارری بووبێت یان سەربەخۆ بوو هەروەها چارەنووسی لەسەردەمی گوتیدا. سەبارەت بەم باسەش سمیث دەیەوێ ئەوە بڵێت كە ئەگەر دوونامەكە وا لەباشووردا دۆزرابێتنەوە كەواتە ئەو ناوچەیە لەژێر دەسەڵاتی (شاركالی شارری)دا بوو و بنەماڵەی ئوروك سەربەخۆ نەبوو.